

# ئەو ددانانەم کە ماونەتەوە

**ئەمیرە ئەلوەسیف**
**لە عەرەبییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**

لە ئۆرشەلیم سینییە شیرینییەکە کووچە بە کووچە، شەقام بە شەقام، سەرە کۆڵان بە سەرە کۆڵان، خولایەوە تا وەک جاران لە ئامێزی دارهەنجیرەکەدا گیرسایەوە، من و هاوڕێکانم چاومان تێ بڕی تا چێژ و تامەزرۆیی بە قووڵایی ناخمانەوە نووسا، زۆر نزیکتر لە دوێنێ و لە پێرێ و لەو ڕۆژەی پێش هەموو دوێنێیەک کەوتووە کە لە تەنیشت سینییە شیرینییە فڕیوەکەوە بەسەرمان بردووە.

ئەگەر دەزانن چۆن شەکرەکەی لەناو ڕوحدا دەتوایەوە! هەرکە دەتبینی چوون پەرییەکی ڕەنگاوڕەنگ پان بووەتەوە و لێی دانیشتووە و چاو ئارەزوو دەکات سەیری بکات، شیرینییەکەی خەریک بوو دەگەیشتە قووڵایی دڵ و دەروونمان بێ ئەوەی بیخۆین! ئای چەند جار سوێندم بۆ دایکم و بۆ دایکی حەننا و بۆ دایکی ئەبراهام دەخوارد کە سینییەکە دەخولێتەوە و دایکانمان بڕوایان پێ نەدەکردین!

دایکم گوتی: کوڕم بە خوا شێتیت، (مریەم)ی پلکیشم بە دارێکی پلاستیکییەوە دوای حەننا کەوت، دایکی (ئەبراهام)یش تەنیا بە گلەو گازندەوە نقوڕچکی لە گوێی گرت.

ئێوارەی پێنج شەممە مانگ بەسەرماڵەکانمانەوە سەمای دەکرد و لەنێوان سەمایەک و سەمایەکی دیکەدا دەزووی تیشکی زیوینی بە پەنجەرەکانماندا دەکێشا، بەرەو پەنجەرەی ژوورەکەی خۆم ڕام کرد و شوێن پەنجەکانی مانگم بەسەر شووشەکەوە بینی، ئێمە ڕاهاتبووین ئەو یارییە لەگەڵ مانگدا بکەین، (ئێمە)یش لێرەدا بۆ من و حەننا و ئەبراهام دەگەڕێتەوە، هەرسێکمان بەڵێنمان دابوو بە نینۆکمان شووشەکان بڕووشێنینەوە، هەرکە چرای مانگە بێدارەکەمان شاوری لێ داو سەرەتای یەکەمین گێمی یاری چاوشارکێی لەگەڵ بڵندایییدا ڕاگەیاند، وامان دەزانی نینۆکگەلی

جەربەزەی بچووکان کە شووشە دەڕووشێنن، توێ توێی دەکەن و ڕووناکی پڕ ناو لەپمان دەبێت و بەم شێوەیە دەست لەناو دەست و پەنجە لەگەڵ پەنجە تەوقە لەگەڵ مانگ دەکەین، تۆ بڵێیت هەرسێکمان شێت بووبین؟

ئەمە باسکردنێکی هەمیشەیی تاڵ بوو هەرکە پیاسەمان بکردایە دەستی لە یاخە نەدەکردینەوە.

بەیانیی هەینی دایکم دارکارییەکی باشی کردم، کاتێک چون شێت هەناسەم هەڵکێشا، بە پڵتە پڵت و بەوپەڕی پەرۆشیی شێتانەوە ئەو وشانەم گۆکردنەوە کە لێیان بێزار نابم: سینی.. سینی شیرینی.. دەفڕێت ..دەفڕێت!

نقورچکێکی لە بازووە لاوازەکەم گرت و بە وشە و دەربڕینی زۆر و نارێک بە ڕوومدا هەڵشاخا، کە گوێم تەنیا ئەو وشە سەرپێیانەی ئەزبەر کردوون: شێت.. پەتەڕی.. خراپترین کوڕ لە جیهاندا!

کاتێک دایکم بە خراپترین کوڕ لە جیهاندا ناوی بردم، نەمزانی ئایە دەبێت تووڕە ببم، یان فرمێسک بڕێژم و دەم و چاوم بە باڵا پۆشەکەی سڕی تا دڵی نەرم ببێت، یان بڕوام پێ بکات و ئەو کات بەر لەوەی بۆ لای بگەڕێمەوە و زمانی خۆم لەسەر سوێندخواردنەکە ڕابهێنم، گریانی حەننام بەرگوێ کەوت، گوێم لە هیچ نەبوو، بەڵام هەموو ئەوەی بەرگوێم کەوت، تەنیا گریانێکی بەکوڵ بوو، لە کۆتاییدا دەربڕینی (ناچمە دەرەوە) بوو کە چەند جارێک بە هەڵچوونێکی منداڵانەی تووڕەوە دووبارەی کردەوە.

نیوەڕۆی هەینی، خێرا خۆم گەیاندە لای پەنجەرەی ژوورەکەم و لەو دیوی شووشەکەوە دەستم بە سەیرکردنی جیهان کرد، ئەو کاتەی هەتاو بە چاوە پرتەقاڵییەکانی چاوی دادەگرت، پێدەکەنی و پێدەکەنی تا خەریک بوو گەرموگوڕی ئەو میزاجە گەرمەی هەموو شتێک بسووتێنێت، یان من بەو شێوەیەم مەزەندە دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو کات گیرۆدەی تووڕەیی خۆم بووبووم و داپیرەم دەڵێت کوڕی تووڕە گەرمای کردەوەکانی داغی دەکەن.

ئەو کات سەیرێکی ماڵی حەننام کرد و بینیم ئەویش تەواو وەک من دڵشکاو لەبەردەم پەنجەرەکەیدا ڕاوەستاوە، بە دوو چاوی سوور و لێڵەوە سەیرم دەکات، فرمێسکەکانی بەیانی لێڵی کردوون، ورتەیەکمان لێوە نەهات، بەڵام چاومان یەکدییان دەدواند، کاتێک بە ئاراستەی ماڵی ئەبراهام دەهاتن و دەچوون، کە بە تەنیشت ماڵی هەردووکمانەوەیە، هەردووکمان پێکەوە سەیری پەنجەرەکەیمان کرد، نەمانبینی، چونکە هاوڕێکەمان لە دوێنێوە سزا دراوەو ئەمڕۆیش نایبینین، سبەینێیش (شەممەی ڕووناکی)یەو لەگەڵ خانەوادەکەیدا سەرقاڵی سرووتە ئایینییەکانی دەبێت، پاش ئەوەیش بە تەواوەتی سزا دەدرێت وەک دایکی پێی گوتبوو، ڕەنگە دایکی، وەک دایکی حەننا بە ڕوویدا هەڵشاخێت، ڕەنگە نقورچک لە قۆڵەنیسکی بگرێت و ڕەنگە پێی بڵێت شێت، وەک چۆن دایکم بە منی گوت، ڕەنگە!

شەوی پێنج شەممە وەک چۆن هەموو شەوێک ڕاهاتبووم لمی سپیم بەناو پەنجەکانی پێمدا دادەکرد، کاتێک حەننا قۆلانچەیەکی ڕەشی لەناو دەفری لمەکەدا دادەنا کە دەمویست بە ناو پەنجەکانمیدا دابکەم، ئەوەتا من بە تیلەی چاو دەیبینم کە دایدەنێت و بزەیەکی زەردی بۆ دەکەم، وەک بڵێیت نەزانم، ئەبراهامیش دەمبینێت و یەکسەر لە چنگی حەننای دەڕفێنێت بێ ئەوەی هەستی پێ بکات و لەناو دەفری لمەکەی تایبەت بە خۆی دادەنێت، ئیدی بەم شێوەیە یاری دەکەین و بە شادییەوە پێدەکەنین، تەنانەت شەوانە لەبەر ئەوەی ئەوەند پێکەنیوین گەدەمان دێشێت و هەراو هۆریایەکی منداڵانە لە شەقامەکەدا دەنێینەوە و دەنگی پێکەنینەکانمان دەگاتە ئەو قۆناغەی کە تێیدا پێکەنینەکان لە حەپەی تووتکە سەگەلێکی تازە لەدایکبووی تۆقیو بچن.

بەر لەوەی تاریکایی شەو دابێت، سینییەکمان بینی دەخولایەوە، بڕوامان بە چاومان نەکرد، خێراو بە هەڵچوونەوە بە دەستمان چاومان هەڵکلۆفت و دووبارەمان کردەوە، کەچی ئاکامەکە هەر هەمان ئاکام بوو، سینییەکە لەم کووچە بۆ ئەو کووچە و لەم شەقام بۆ ئەو شەقام دەخولایەوە، لێهاتووانە چون لێهاتووانەی کەشتییەوانی ئاسمانی نزم دەبووەوە و بەرزدەبووەوە، لە خەونێک، یان ئەفسانەیەک دەچوو، بەڵام لە کۆتایی فڕینەکەیدا لە ناوەڕاستی دارهەنجیرە دێرینەکەدا جێگیربوو.

شانمان هەژا و لەرزە لەرزمان لێ کەوت، لە کاتێکدا دنیا سارد نەبوو، ئەبراهام لە دارهەنجیرەکە نزیک بووەوە و ویستی بیهەژێنێتەوە تا سینییە شیرینییەکە بکەوێتە خوارەوە، بەڵام نەکەوتە خوارەوە، من و حەننایش نزیک بووینەوە و هەمان شتمان دووبارە کردەوە و هەرسێکمان

لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین بگەڕێینە ماڵەوە و لەبارەی سینییە فڕیوەکەوە کەسوکارمان ئاگەدار بکەینەوە، ئێوەیش پاشماوەی بەسەرهاتەکە دەزانن.

پاش تێپەڕبوونی شەممەی ڕووناکی، بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە ماڵی ئەبراهام و بە دزییەوە بانگم کرد، بە ترس و لەرزەوە هات بۆ لام نەوەک دایکی بیبینێت، چونکە هێشتە سزاکەی تەواو نەبووبوو، پرسیارم لێ کرد ئایە لەگەڵم دێت بچین بۆ لای دارهەنجیرە دێرینەکە لەو شوێنەی سینییە شیرینییە فڕیوەکەی لێیە، ترپەکانی دڵی وەڵامیان دامەوە کە زۆر حەزدەکات و تامەزرۆیشە، بزەی هەردوو چاویشی بە هەمان گەرموگوڕی وەڵامی دامەوە، بەڵام پاش دە خولەک پلکم، دایکی ئەبراهام لە پێشمان قوت بووەوە و داوای لێ کردم بۆ لای دایکم بگەڕێمەوە، جارێکی دیکە نقورچکی لە گوێی ئەبراهام گرت، ئەویش دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاو دایکی لە پاش خۆی دەرگەکەی داخست.

هەنگاوەکانم بەرەو ئەو شوێنەیان بردم کە سینییە شیرینییەکەی لێیە، لەوێ حەننام بینی لەبەردەم دارهەنجیرەکەدا واق وڕماو ڕاوەستاوە و هەردوو دەستی دەجووڵێنێتەوە وەک یەکێک لەژێر نواندنی موگناتیسیدا بێت، بەرەو لای ڕاست و بەرەو لای چەپ لە هەلەکەسەمادا بوو، دەیویست هەردوو چاوی لەناو سینییەکەدا نوقم بکات، سینییەکەیش بەسەر و بەژێر درەختەکە و بەسەر لقوپۆپەکان و بەسەر بەروبووەکاندا دەستی بە خولانەوە کرد، لەوێ لەسەر شۆستەکان و لەسەر دەزووە خۆڵەمێشینەکانی ئاسمان کە پێی پەرییەکان ڕووشاندبوونیان، بەهۆی هێزێکی دیواودەرەوە دەهەژایەوە، جەستە و ڕوحمان بەوپەڕی هەست بە خۆشی و شادی کردن لەگەڵی دەهەژانەوە.

بیرۆکەیەکی هاوبەش خۆی هاویشتە مێشکمانەوە، بە چاو بە یەکدیمان گوت، ئەویش ئەوە بوو ئەممان بچێتە سەر پشتی ئەومان، بۆ ئەوەی ئەومان سینییە شیرینییەکەی دەەست بکەوێت کە لە ناوەڕاستی دارهەنجیرەکەدا جێگیربووە و بیگرینە دەستەوە و ئەو کات بۆ ئۆرشەلیم و دانیشتووانی دەسەلمێنین کە ئێمە شێت نین و منیش بۆ دایکم دەسەلمێنم کە لە جیهاندا خراپترین کوڕ نیم.

حەننا خستمییە سەر پشتی خۆی و منیش چوومە سەر هەردوو شانی و هەستم کرد کە چەندان دەرزی و دڕک لە ژێر هەردوو پێمدان و ئەو کات داوام لێ کرد خواردنی زۆرتر بخوات، ئەویش ئەو کات ئۆفێکی بۆ کرد و لە خوارەوە هاواری کرد و گوتی: کاتی گاڵتە نییە.

سەرم بۆ سەرەوە بڵندکردەوە و سینییە فڕیوەکەم بینی، کاتێک ویستم بیگرم، حەننا هاواری لێ هەستا، سەیرم کرد و بینیم کەوتە سەر عەردەکە، منیش بە دوای ئەودا کەوتمە سەر عەردەکە و دراوسێکان لە چواردەورمان گردبوونەوە، چونکە بە دەنگی بەرز هاوارمان کرد بە ڕادەیەک لەناو سەرتاپای شەقامەکەدا دەنگی دایەوە، خەڵکەکە بۆ ماڵیان بردینەوە و حەننا بەوە سزا درا کە هەرگیز لەماڵ نەچێتە دەرەوە، منیش بە تۆران و بە هەڵشاخان بە ڕوومدا سزا درام، ئەو کات قسە و قسەلۆک بە شارەکەدا بڵاوبووەوە، دەیانگوت ئەبراهام و حەننا درۆزنن و لافی چەند شتێک لێ دەدەن کە هەرگیز نین، بۆیە خواوەند سزای دان بەوەی لاقی حەننا شکا و یەکێک لە مۆمەکانی شەممەیش دەستی ڕاستی (ئەبراهام)ی سووتاند، منیش لەو قسە و قسەلۆک و تۆمەتانەوە دووربووم، ئەویش لەبەر تەنیا یەک هۆکار، ئەویش ئەوەبوو وەک هەردوو هاوڕێ نزیکەکەم ئازارم بەرنەکەوت.

هەستم دەکرد خەنجەرێکیان لە دڵ ڕاکردووم و ڕوحم ناساغ بوو، دایکم تێبینی کرد چەند لاوازبوومە و ڕەنگم هەڵبزڕکاوە و خواردنم پێ ناخورێت، هەرکە وشەیەکیشم لەمەڕ حەننا و ئەبراهام و دارهەنجیرە دێرینەکە و سینییە فڕیوەکە گوتبایە، دایکم پێمدا هەڵدەشاخا و بە شێت ناوی دەبردم، هوشداری ئەوەیشی دامێ خەڵک قسە و قسەلۆکم لەبارەوە بڵێن وەک ئەوەی بە هەردوو هاوڕێکەم دەڵێن، بەڵکو بەوەیش ترساندمی کە خواوەندم لێ تووڕە ببێت و لاقم بشکێت، یان زمانم ببڕێت کە درۆی گەورە گەورە گۆدەکات.

ڕۆژێکیان، لە دەنگە دەنگ و هەراوزەنای خەڵکی شارەکە بە ئاگا هاتمەوە کە جنێویان بە هەردوو هاوڕێکەم دەداو بە درۆزنیان ناو دەبردن، منیش هەستم کرد بڵێسەی ئاگرێک لە ناخمدایە، یەکسەر بڕیارم دا ئەمەی خوارەوە بکەم، بۆ دووەمین جار هەنگاوەکانم بۆ لای دارهەنجیرەکەیان پەلکێش کردم، ویستم بە تەنیا پێیدا هەڵزنێم، دەیان جار بەربوومەوە و لاقی ڕاستم

بریندداربوو، زەویش باڵی بریندارکردم و خوێنی لێ دادەچۆڕا، کەچی هەر نائومێد نەبووم، بە دارهەنجیرەکەدا هەڵزنام و زۆر لە سینییە شیرینییەکە نزیک بوومەوە، دەستم پێرا گەیشت و بە پەنجەکانم گرتم و سەیرم کرد، بینیم شیرینییەکی سەیر و سەرسوڕهێنەرە لە دوگمە و قۆپچەی زێڕین و مرواری دەچوو، بەڵام شیرینی بوو! کاتێک ویستم سینییەکە لەگەڵ خۆم بۆ ماڵەوە ببەم، هەموو شیرینییەکە بە تەواوەتی بزردەبوو!

سینییەکە هەر لە خۆیەوە هیچی تێدا نەدەما، هەرکە لە ناوەندی دارهەنجیرەکەم دادەنایەتەوە، شیرینییەکەی بە تەواوی سەیر و سەمەرەی جارانەوە دەگەڕایەوە، بەڵام هەرکە بمویستایە لەگەڵ خۆمی ببەم، شیرینییەکە نەدەما وەک بڵێیت هەر نەبووبێت!

ئەم ڕەوشە بۆ چەندان کاتژمێری دوورودرێژ بەردەوام بوو، نەمدەزانی چی بکەم؟ بەم جۆرە کەس بڕوام پێ ناکات و لە هەوڵەکەمدا بۆ سەلماندنی بێ تاوانیی هەردوو هاوڕێکەم سەرناکەوم.

هەستم بە دڵتەنگی و پەرێشانییەک کرد، ئازارم چەشت و گریام، دەنگی گریان و هاوارم لە دەنگی هاواری دایکم دەچوو ئەو کاتەی برا بچووکەکەم لەدایک بوو، گەیشتمە ئەوپەڕی پلەی نائومێدی، ئەو کاتەی سەرم بۆ لای سینییەکە بەرزکردەوە، پارچە کاغەزێکی بچووکم بینی، نامەیەکی تێدا نووسرابوو دەیگوت: بەر لەوەی بمخۆیت .. ددانەکانی خۆتم بدەیە!

بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە چاوم زەق کردەوە، تێنەگەیشتم ئەو نامەیە چی دەگەیەنێت؟

کەسێک چۆن ددانەکانی خۆی بە سینییەک دەبەخشێت، تەنانەت ئەگەر سینییەکی فڕیویش بێت؟!

پاش ئەوەی نامەکەم خوێندەوە و جێبەجێم کرد، شیرینییەکە دەرکەوتەوە و پارچە کاغەزێکی بچووکیشی لەگەڵ دەرکەوتەوە دەیگوت: کاتێک دەمخۆیت.. ددانەکانت دەکەون، کاتێک ددانەکانیشت بکەون.. نامبینیت!

یەکسەر پڕم دایە و پارچەیەک شیرینیم خوارد. ئەو کات دوو ددانی پێشەوەم لە خۆیانەوە کەوتنە ناو سینییەکەوە، هەستم بە تۆقین و سەرسوڕمان کرد، هەستم بە هیچ ئازارێک نەکرد، بەڵام هەردوو ددانەکەم کەوتن و نازانم کەی دێنەوە؟

ئەو کات لە یارییەکە گەیشتم، ئەوەی لە چاوشارکێی مانگ دەچێت، بەڵام یارییەکی نوێیە. ئەگەر بمەوێت شیرینییەکەم بۆ دەربکەوێتەوە، دەبێت چەند ددانێکم لە دەست بدەم، چونکە بە ڕادەی ژمارەی ددانە کەوتووەکان پارچە شیرینییەکان دەردەکەون، کە لەبەر چاوی هیچ کەسێک بزرنابن، ئەو کاتیش دەتوانم سینییە فڕیوە پڕ لە شیرینییە سەیرەکە ببەم و بۆ ئۆرشەلیمی ببەمەوە تا خەڵک بیبینن و هەردوو هاوڕێ گیانی بە گیانییەکانم بێ تاوان دەرچن.

یارییەکە بەیەک ددان دەستی پێ کرد و بە ژمارەیەکی زۆر لە ددانەکانم کۆتایی هات و سینییە شیرینییە فڕیوەکەم هەڵگرت و بۆ شەقامەکەی خۆمان گەڕامەوە، خەڵکی لە چواردەورم گردبوونەوە تا بەچاوی خۆیان بێ تاوانی حەننا و ئەبراهام ببینن و منیش بەو ددانانەم کە ماونەتەوە، خۆشەویستی خۆمیان بۆ دووپات بکەمەوە.

**ئەمیرە ئەلوەسیف کچە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیرێکی میسری دەرچووی زانکۆی مەنسوورەیە. کۆمەڵێک چیرۆکی بە ناوونیشانی (ئەوانە شیکۆلاتە ناخۆن) بڵاوکردووەتەوە و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وڵاتەکەی و ماڵپەڕە ویژەییەکاندا چیرۆک و بابەتی ویژەیی بڵاودەکاتەوە. ئەم چیرۆکەیمان لە سایتی گۆڤاری (کیکا) کە گۆڤارێکی ویژەییە، وەرگرت و کردمان بە کوردی.**

**سەرچاوە:**

**سایتی گۆڤاری (کیکا):**

**http://www.kikahmagazine.com?p=6338**